# چۆنیەتی ئیمان هێنان بە خودی رسول الله(علیه السلام و البركات)

**لە زنجیرەی چۆنیەتی ئیمان هێنان بە خودی رسول الله(علیه السلام و البركات) بەردەوام دەبین. لەوانەی رابردوودا باسی پلەوپایەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) کرد، کە ژیانی لە نێو ژینگەی عەرەبی چۆن بووە، ئایا لەوکاتەدا پێویستی عەرەب و کۆمەڵگەو مرۆڤ بەو پێغەمبەرە(علیه السلام و البركات) چەند بووە؟ ڕوونمان کردەوە کە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی مرۆیی ئەم کۆمەڵگەیەی دروست دەکرد کە پێش لە دایکبوونی ناویاندا وەك دیاردە لە ناویاندا هەبووە، لۆیە ناومان لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەنا کۆمەڵگەی مەککەیی.**



**(دیمەنێکی ئارام بەخش)**

## یاسایەكی نەگۆڕ لۆ ئیمان دروست كردن

ئەوانەی كە باسمانكرد مەككەیی بوون، لە ئیبراهیم پێغەمبەرەوە بگرە تا هەموو (أنبیاء و الرسل)، چەندین نوێكرانەوە لۆ ئەم ناوچەیە ئەنجام دراوە، كە پایەی ئاینیی خۆی هەبووە. پێغەمبەریش(علیه السلام و البركات) لەم ژینگەیە خولقێنراوەو هاتۆتە دونیاوە. ئەمە هەموو سەرنجراكێشە بەرامبەر خودای ڕەحمان لۆ خودی ئەو پێغەمبەرەی كە بەكردەیی لە ئاستی ئەو واقیع و حاڵە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت.

وەك سەرەتا و تەواوكاریی لە زنجیرەكانی ئیمان هێنان بە خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) كە پەیامبەر(رسول)، گوتمان دەبێ پێشتر كابرا وەك پەروەردگارێك (رب) ئیمانی بە ذاتی خودای ڕەحمان هێنابێ، هەروەها ئیمانی بە ڕۆژی دوایی (یوم الأخرة) هێنابێ، دوای ئەم دوو بنەمایە: (الایمان باللە و الیوم الاخر)، پاشان ئیمان بە خودی رسول اللە محمد(علیه السلام و البركات) وەك رسول اللە(علیه السلام و البركات) بێنێت، ئەگەر هاتوو ئەم دوو بنچینە سەرەكیەی ئیمان لە ئاستی ڕاستەقینەی ئەو ئیمانە بوونی نەبێت، ئەوا ئیمان هێنان بە خودی رسول اللە(علیه السلام و البركات) دروست نابێت و بنیات نانرێت، هەروەها لە زنجیرەو بازنەی مەعریفەت بە ذاتی رسول اللە(علیه السلام و البركات) دەرناچێت و لە مەعریفە زیاتر هیچی تر نییە.

ئەو هۆكارەیە كە ئێستا پێوەی تووشی بەڵا بووینە، دەمانەوێت لەڕێی پەرتووكەكانی سیرە بە هەموو جۆرەكانیەوە ئیمان بە زاتی رسول اللە(علیه السلام و البركات) بێنین، یاخود لە ڕێی پەرتووكە مێژوویەكان. ئەگەر ئەو جۆرەیان باشتر بوایەو بەم شێوازە ئیمان دروست بكرابوایە، ئەوا خودای ڕەحمان لەناو ناخی مروڤ بەم شێوازە ئیمانی لۆ خودی رسول اللە(علیه السلام و البركات) دەستنیشان و دیاری دەكرد، بەڵام چۆن بە ڕیزبەندیی قورئان دابەزی و پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ئیمانی لە سەر دروست كردو ئەم ئیمانە پلە پلە بەرز بوو، هەر بەم ڕیزبەندیی (ترییب)ەش ئیمانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بە ڕۆژی دوایی دروست بوو، دەبێ جەمعی ئیماندارانیش بەهەمان ڕیزبەندی، ئیمان لە ناوەوەی خۆیان بە خودی (رسول اللە) وەك (نەبییەك) وەك (ڕەسولێك)(علیه السلام و البركات) دروست بكەن.

## تایبەتمەندیی ژیانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)

دەبینین خودای ڕەحمان لە پێش چاوی عومەر و موصعەب و عبدالرحمن كوڕی عەوف، ئەو هاوەڵانە ئەم هەموو بلاجكتۆر و میكرۆسكۆبانە دەخاتە سەر ژیانی تایبەتی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) و هەرچی شاراوەییەكی خێزانیی یان كۆمەڵایەتی هەیە ئاشكرای دەكات، تا هەموو تایبەتییەكانی لە پێش چاوی خەڵك بە هەموو ئاستەكانەوە ئاشكراو دیار بێت، چۆن موصعەب و عەممار و صوهەیب ئەم حاڵەتەیان دەبینی، ئەبوجەهل و وەلید بن موغیرەش ئەو حاڵەتەیان بە هەمان شێوە دەبینی، بەڵام لەبەرچی هەندێك ئیمانیان هێنا؟ كەچی هەندێكیان ئیمانیان نەهێنا؟

هۆکاریی خاڵی بنەڕەتی و بنچینەیی بابەتەکە پەیوەستە بە ذاتی خودای ڕەحمان گوتمان ئیمان هێنان بە ذاتی خودای ڕەحمان خاڵێکی بنەڕەتیە، ئیمان هێنان بە رۆژی دواییش دووەم خاڵی بنەڕەتییە، هەرچی ئیمان هێنانە بە خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) لاوەکییە و پەیوەستە بە ئیمان هێنان بە خودای ڕەحمان لۆیە هەتا ئەم جۆرە ئیمانە بە ذاتی خودای ڕەحمان لە ناوەوەی مرۆڤ دروست نەبێت، هەستە ئیمانییەکە دروست نابێت، تا هەست بە پێویستی ئیمان بەکەسێك بکات و ئەم کەسەش ببێتە پێناو (وسیط) لە نێوان خۆیی و خودای ڕەحمان هەست بەم حاڵەتەی ناکات. پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) لەپێش چاوی تەنیا سەرکردەیەکە، ئینجا سەرکردەیەکی سەربازی بێت یان سەرکردەیەکی فیکری یان کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بێت، هەر لەم ڕەهەندەوە مامەڵە لەگەڵ خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) دەکات، یاخود پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) کۆمەڵێك فەرموودەی خستۆتە ڕوو کە پەیوەستە بە ئاکارو شێوازی مروڤ، لە ڕیش بەجێهێشتن، یان بەکارهێنانی سیواك، شەرواڵی کورت لەبەرکردن و بۆ لای سەرەوە..تد، کە کۆمەڵە یاسایەکە بە گوێرەی ئەو یاسایە ئەو دێت و مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەی دەکات.

هەتا ڕیزبەندیی دابەزینی قورئان (ترتیب نزول)، لای پەیڕەوانی ئایین (أعتبار)ی لۆ نەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە ئیمانە دووبارە نابێتەوە. بەڵگەشمان: چۆن ئەبوبەکر و کۆمەڵی (الذین أمنوا معە الله) لەماوەی یەکەم هەموو شاراوەکان و هەموو کون و کەلێنەکانی ژیانی پێغەمبەریان لەبەر چاودا ئاشکرا بوو، هەروەك چۆن ئەوانەی ئیمانیشیان پێی نەهێناوە بە هەمان شێوە ژیانی پێغەمبەریان لائاشکرا بوو، ئەبوطالب لە ئەبوبەکری زیاتر پێغەمبەری دەناسی و زانیاریی دەربارەی ژیانی هەبوو. ئەبولەهەب مامی بوو، لە موصعەب کوڕی عومەیر زیاتر پێغەمبەری (علیه السلام و البركات) دەناسی. کەواتە" لێرەدا مەعریفەکەو ناسینی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) نابێتە کارت لۆ ئیمان هێنان بە خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات)، تەنها دەبێت بەم جۆرە بە ڕیزبەندیی ئیمان بە خودی خودای ڕەحمان دروست بکرێت، ئیمان بە رۆژی دوایی دروست بکرێت، ئینجا هەستکردن بە پێویستیی بوونی ئەو ئیمانە لە ناوەوەی مرۆڤ دروست دەبێت، پێناوێك بێتە دونیا و ببێتە هۆکاری پەیوەندی لەنێوان ئەم کەسە و ئەم مرۆڤە کە ئیمانی بە خودای ڕەحمان و رۆژی دوایی هێناوە، ئینجا ئیمان بە خودی رسول الله (علیه السلام و البركات) بێنێت، لۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم پێناوە (وسیط)ەوە فەرمایشتەکانی خودای ڕەحمان ستوونییانە لۆی بگوازرێتەوەو ببێتە ئاسۆیی، لۆ ئیمانی ڕاستەقینە تەنیا ئەم ڕێگەیە هەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە ڕێگەی پەرتووکەکانی سیرەوە ئیمان بنیات بنێین، ئەوا هەر چەند کەسایەتی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) لە لامان پایەدار و قەبوڵکراوبێت هەر لە بواری مەعریفییەوە دەسوڕێتەوە، لۆیە هەتا ئێستا لاوان هەستیان بەم ڕوونییە نەکردووە کە دەتوانێت لە کەسایەتی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) وەریبگرێت و تیبگات، هەستی بەوە نەکردووە کە پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) بە ڕاستی بەرامبەری (ڕەئوفە و ڕەحیمە)، هەروەك چۆن لۆ جەمعی ئیماندارانی پێشوو (ڕەئوف ڕحیم) بوو، نەخێر هەستی بەمە نەکردووە، لۆیە خۆی بە چەند کەسانێکی دیاریکراوەوە شۆڕکردۆتەوە، لۆ نموونە" (خۆی بە فلان ڕەوت و سەرکردە بەستۆتەوە)، ئینجا ئەوە لە زۆربەی ئاست و شێوازو رەوتەکاندا هەیە، لۆ؟ چونکە لە نێو کەسایەتیی و پەیامی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) وەکو خۆی لە لایان بەرجەستە نەبووە، لە بەر ئەوەیە ئەو پشکەی کە بە

خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەستراوەتەوە لەوی دەسێنێتەوەو دەیداتە فلان سەرکردە و فلان بەرپرسی ئیسلامی، لەبەرئەوەیە کە کەسایەتیی پەیامبەرایەتی(الرسالیة)ی پێغەمبەر لەپێش چاویدا بە قەد ئاستی پەرتووکەکانی سیرە زۆر بچووك کراوەتەوە، ئینجا هەر پەرتووکێکی سیرە بێت، کە بە لەدایکبوونییەوە دەست پێ دەکا وەکو کەسێکی ئاسایی تاکو کۆچی دوایی.

## لە بەرچی ئەبوبەکر بەرامبەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) گۆڕا؟

لۆیە ئەگەر بێت و سەیرێکی قورئان بکەین، لە قورئاندا کەسایەتیی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەخرێتە ڕوو، یەکەم وەك بەشەر، بێگومان پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) (ئینسان) نەبووە (ناس) نەبووە (بني أدم) نەبووە، لەم پۆلێنکارییە بەناوی (بشر) ناوی لەقورئاندا هاتووە، یەکەمین جار وەك بەشەر پاشان ئینجا پایە (مرتبة)ی نبووەت دەخرێتە سەر پایەی ڕیسالەت، هەر لە سوڕەتی (القلم)ەوە دەست پێ بیکەین دووەمین سوڕەتی قورئان بە ڕیزبەندیی دابەزین، خودای ڕەحمان سوێند دەخوات (ن* وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ)(القلم١) دەستنیشانی دەکات (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)(القلم٢) دۆخی ئیمانیی لە ناوەوەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لۆ وەسف دەکات، قورئان بە ڕاددەیەك وردە (دقیق)ە و دەستنیشان کردنەکەی بەراددەیەکە، ئەگەر ئیمانداران بیانەوێت دەتوانن تاڕاددەی ئادگاری دەم و چاوی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)یش بەهۆی قورئانەوە دەستنیشان بکەن. باسی دۆخی ناوەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکات لە ڕووی ئیمانییەوە: (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ) لەوانەی شەشەم وحەوتەم باسی وشەی (نِعْمَة)مان کردووە کە لەگەڵ وشەی(نعَمَة) جیایە، نیعمە (نِعْمَة) بە کەسرە لە ژێر عەین لەگەڵ (نعَمَة) فەتحەی لەسەر عەین جیاوازە، لە هەموو قورئان وشەی (نَعْمَة) بە ڕێنمونیی وئایین (هداية والدين) و هاو واتای ئەمانەوە هاتووە، نَعْمَة بە ماددە هاتوو ئەو نیعمەتەی کە ئێمە تێداینە لەمادە خودای ڕەحمان دەفەرموویت:( مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ* إِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ* وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ )(القلم) واتە" خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەسەر ڕەوشت (خُلق)، (لعلى) (وضع القلم على المنضدة)، لەسەر، وەك ئەوەی ئەو خولوقەی خودای ڕەحمان پێناسەی دەکات بە (عظیم) پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەسەروەویەتی و وەك مافورێك دەڕوات (إِنَّكَ لَعَلَى) لەسەرییەوە (فوق)(خُلُقٍ عَظِيمٍ) خودای ڕەحمان باسی ڕەوشت دەکات و دەیناسێنیت بە عظیم (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)، هەرکە ئەبوبەکر گوێی لەم ئایەتەی دەبێت واز لەو کۆمەڵە مەعریفانە دێنیت کە کاتی خۆی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)ی پێوە ناسیووە، ئەوها ڕاستگۆ بووە، ئەوها دەست پاك بووە (أمین)، هەروەها یەتیم بووە، بە ژیانی هیچ جارێك سوژدەی لۆ بت وسەنەمەکان نەبردووە. ئەوانە هەموو لە مێشکی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) پەرتووکی سیرەیە و وازی لێهێناوە، دەبێ ئەبوبەکر لەقۆناغێکی ترەوە بژیێت، ئەویش ئەوەیە ئیمانی بە خودای ڕەحمان و ئیمانی بە ڕۆژیی دوایی هێنا، ئێستا ئەبوبەکر سیفاتەکانی (مواصفات) ئەو زاتە لە خودای ڕەحمان وەردەگرێت، دێت لەگەڵ ناوەوەی خۆی پێداچوونەوە دەکات، کە پێداچوونەوەکانی کرد، ئەو کات بە کردەیی و بە دروستی (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)ی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە ناوەوەی ئەبوبەکر دروست دەبێت، پێشتر ئەبوبەکری موگناتیسیەتەن بە شەرییەکەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لۆ خۆی کێش کردبوو، بەڵام ئێستا ئەو ئیمانی بە خودای ڕەحمان هێناوە، ئەبوبەکر بەرامبەر خودی

پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەگۆڕێ، لە بەر ئەمەیە ئەو پایە لەم ئاستە بەرزە لە قۆناغی یەکەم لە ناوەوەی ئەبوبەکر دروست دەبێت.

## (المزمل) داپۆشین نییە

ئەمانەی باسمانکردن ئایاتن و خودای ڕەحمان ڕوو لۆ جەمعی ئیماندارانی خستۆتە ڕوو، هێدی هێدی ئەم ئایاتانە دێنە خوارەوە، بە گوێرەی ئەم ئایاتانەش ئەبوبەکر وەری دەگرێ و پیادەی دەکات، هەتا لە ناوەوەیدا دەبێتە ئیمان، کاتێك بووە ئیمان، ئینجا بە کردەیی پلەوپایەی ئەم پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات) لەلای ئەبوبەکر دەبێتە نەبی (ألنبيٌ)، نەك سەرکردەیەك نەك سەرۆکێك، نەك بەرپرس، کە ئەوانە هەموو کەمکردنەوەیە لە کەسایەتی پەیامبەر (الرسالية)ی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نەك تایبەتمەندێتی بێت لۆی. کە ئەبوبەکر دێت بەم جۆرەی مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکات ئەو کاتە بە کردەیی پلەوپایە (مقام) ی نبووەت و ڕیسالەتی پێدەدات، لەم ئاستەشدا لەگەڵ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەژیێت.

لە سوڕەتی سێیەم حاڵەتی ناوەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەراورد دەکات و لەگەڵ (الأنبياء والرسل)ی دیکە پێوانەکاریی لۆ دەکات، کە دەفەرموویێت: (فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ )(القلم٤٨) پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە ئەبوبەکر دەڵێ: (أنبياء و رسل) وەکو من هەبووینە، لێرە باسی (صاحب الحوت) دەکات، ناوی ناهێنێت، جارێ بە وەسف ناوی دەهێنێت، لۆ زانیاری صاحب الحوت (یونس)ە، خودای ڕەحمان لەجێێ تر باسی دەکات، ئەبوبکر مەقام و پایەی ئەم پێغەمبەرەی لەئاستی صاحب الحوت بەراورد ناکات، بەڵکو لە سەرووی ئەو دایە، صاحب الحوت فەرمانی پێکراوە: (إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ* فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ)( الصافات١٤٠-١٤١)، نابێ ئەم پەیامبەرە وا بکات، (ولاتكن) فەرمانی لۆ هاتووە، کەواتە" کە وایکردووە و پاشان پێداچوونەوەی لۆ کراوە و بڵێین ڕاستکردنەوەی لۆ ئەنجامدراوە، ئێستا ئەو پێش ئەوەی وابکات فەرمانی لۆهات وانەکات.

کەواتە" پلەوپایە (مقام)ی ئەم پەیامبەرەی کە ئەبوبەکر مامەڵەی ئاسۆیی لەگەڵدا دەکات لە پلەی (صاحب الحوت) گەورەتر و بەرزترە، ئەمە قۆناغی دووەمی ئیمان هێنانە بە ڕیزبەندی دابەزاندن (ترتيب النزول)، سوڕەتی سێیەم دێتە خوارەوە: (يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ* قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا)(١-٢المزمل ) خودای ڕەحمان لۆی دابەش دەکات و ڕیزبەندییەکی پێدەدات کە چۆن دانپێنان بکات و ئیمان بە ذاتی خودای ڕەحمان بێنێ، بەم شێوازە ئەبوبەکریش ئەمەی لۆ دێت، پێغەمبەر(علیه وسلام و البرکات) لە ڕێگەی جبریل لە ذاتی خودای ڕەحمان وەریدەگرێت و ئەویش لۆ جەمعی ئیماندارانی دەگوازێتەوە، یەکەم کەس کە دێت وەریدەگرێت، بە نموونە هێنامانەوە ئەویش ئەبوبەکرە.

نەك وەکو زۆربەی تەفسیرەکان دەڵێن: (المزمل) واتە" (لەبەر سەرما خۆی داپۆشت! یان لە ترسان لەرزی گرت! نەخێر مەسەلەکە زۆر لەمە قووڵترە. (المزمل) باسی ئەو کەسەمان لۆ (تصوير) دەکات، قورساییەکی زۆر گەورەی خرابێتە سەر شانی، بەرپرسیارێتییەکی زۆر مەزنی درابێتی، بەڵام جارێ ئاسۆی ئەم بەرپرسیارێتییە و شێوازی جێبەجێکردنی دیار نییە، لۆیە لە جووڵەیەکی نائاساییدا دەبێت و چالاکییەکی ناسروشتی دەکات، ئەمە وشەی (المزمل)ە، نەك

پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) سورەتەکانی لۆهات و نیگای لۆ کرا، ترسا، چووە بن پێخەفەکەیەوە تاکو پاڵبداتەوە، دەفەرموویت: (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا)، (إِنَّ لَكَ فِي اَلنَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلًا)(المزمل٧) (وَاصبْرْعلى مايَقُولُونَ)(المزمل١٠) ئەمانە ئایاتن دێنە خوارەوە، پاشان هەر لۆ خودی ئەم پەیامبەرە و لۆ ئەبوبەکر و هەموو ئەوانەی وەکو ئەبوبەکرن، (إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولًا)، لێرە پەیامەکە لۆ خودی پێغەمبەر(علیەی والسلام البرکات) دەچێت، لە سورەتی (المزمل) دان بە خودی پێغەمبەر(علیەی السلام و البرکات) دەنرێت، لە ڕەهەندی نبووەت لۆ ڕیسالەت دەرچووە، بەڵام لێرەدا سیفەتی ڕیسالەت بە گوێرەی جەمعی ئیمانداران ئەوەیە، تا ئێستا موبەلیغ نییە، موبین نییە، موفەهیم نییە، جارێ تەنیا شاهیدە، شاهید لە سەر خۆی، لۆ ئەو نێوەندەش کە تیایدا دەژییێت، لۆئەوەی بەکردەیی شاهادەت لەسەر ئەو کۆمەڵەیە بدات، کە شەهادەتی دا، بەرامبەرەکەش شەهادەت بەو بدات، بێگومان وشەی (أشهد) لە قورئان بەو مانا گشتییەی هاتووە کە ئێستا لێرەدا باسی دەکرێ: (إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولًا)، گرتەیەك لە کردەوەی نەتەوەکانی پێشوو، ( فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلًا)(المزمل١٦) ئەبوبەکر پیادەی دەکات و لەسەری دەڕوات، بەهەمان شێوە عەبدولرەحمن کوری عەوفیش ئەو حاڵەتە پیادە و جێبەجێ دەکات و بە بەرجەستەیی تیایدا دەژییێت، کە ڕەسول شاهید، پایەی شەهادەت دەداتە ڕەسول، ئیمان بەمە لە ناوەوەی دروست دەبێ.

سورەتی چوارەم بەم جۆرەیە: ( يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ)(المدثر١) ئەویش دیسان تەدەثور نەك بە بەتانیە خۆپێچانەوەبێت، بەڵکو لە فەرهەنگەکانی عەرەبی دەڵێت: (تضاعف الشیء وتناضده بعضه على بعض)، واتە" شت دێتە سەرسەری، کە قورسایی هەیەو وەکو یەکیشە، وێکچوون لە نێوانیاندا هەیە. ئەمە هەمووی مانا لۆ چەمکی سروشە، ئەمە مانای وشەی (مدثر)ە، ماناکەی ئەوە نییە کە خۆی بەلێفە پێچابێ و چوبێتە ژێر بەتانی و لێفەو ئیسراحەت بکات و بخەوێت، (قم) بەم سیفەتەی (قُمْ فَأَنذِرْ *َرَبَّكَ فَكَبِّرْ* وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ)(المدثر٢-٤).

لەسورەتی پێنجەمدا کە بە پێی (ترتیب نزول) سورەتی (الفاتحه)یە باسی (أَنعَمت عَلَيهِمْ) (اهدِنَـــاالصِّرَاطَ المُستَقِيمَ * صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ) دەکات، ( وَمَن يُطِعْ اللّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ)(الاحزاب٧١) (فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أولَـئِكَ رَفِيقًا)(النساء٦٩) پێکەوەی، (أَنعَمت عَلَيهِمْ) واتە" ئەبوبەکریش کە ئەمانە هەمووی جێبەجێ دەکات دەگاتە ئەم ئاستە (مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم)، ئەوەتا لە سورەتی دووەم (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)، لێرەش ئەبوبەکر دەگاتە ئەم ئاستە: (اهدِنَـــاالصِّرَاطَ المُستَقِيمَ * صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ) ئەوانە کێن؟ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم؟ (وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَأُولَـئِكَ رَفِيقًا)(النساء٦٩) لە دونیا و ڕۆژی دواییش، بەم ڕیزبەندییە دەچێتە سەرەوە، تاکو ئەم پەیوەندییە جۆرییە لە نێوان خودی خودای ڕەحمان لەگەڵ ئەم کەسە دروست دەبێت، کە هەردەم لە ناخەوە بەرز دەبێتەوە و لە زیادبوون دایە، چونکە کەسایەتی ئەم پەیامبەرە ئەلقەی بەیەك گەیاندنە لە نێوان ذاتی خودای ڕەحمان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و مرۆڤانەی کە دەیانەوێت بەهۆیەوە ببنە ئیماندار، ئیمان بە خودی پەیامبەر زیاد دەکات، ئیمان بە ذاتی خودای ڕەحمان زیاد دەکات، ئیمان بە ڕۆژی دوایی زیاد دەکات، ئەوەیە پلە پلەدارییەکان (مراتب)ی

ئیمان، ئەم (الایمان بضع وستون)، یاخود(بضع و سبعون شعبة)(أباهريرة). بەم جۆرەو بە بەردەوامی و بەو پراكتیزەكردنە جۆرییە(نوعیە) بە ڕیزبەندیی دابەزین ڕەهەندی مەعریفیەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لۆ ڕەهەندی ئیمان دەردەچێت، ئەوكات بە كردەیی لەگەڵ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەست بە حاڵەتێكی تر دەكات.

لۆ نموونە" زۆر جار لە فەرموودەكان پرسیارو وەڵام هەیە، هاوەڵ بەرامبەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دانیشتووە كە وەڵام دەداتەوە، سەرەتا دەڵێ: (فداك أبی وأمی یارسول الله) سەیر دەكەین لەزۆربەی فەرموودەكان ئەمە لە خۆڕا (عفوي)و بەبێ زۆر لە خۆكردن و پاڵەپەستۆیە، ئایا ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟ بەكردەیی لە بواری ئیمانە، ئەی باشە ئەم ئیمانە چۆن دروست بووە؟ بەم ڕیزبەندییەو بەم نەوعیەتەی بەم جۆرە پێوەی خەریك بوون، بە(ممارسة)و بە كردەیی ئایەت دێتە خوارەوەو ئەبوبەكر لە دوتوێی موصحەف بەجێی ناهێڵێت، بەڵكو كە دەچێتەماڵەوە لەگەڵی دەبێ و بە دواداچوونی لۆ دەكا، هەتا ئەو حاڵەتە لە ناوەوەی دروست دەبێت، لۆیە كەسایەتی ڕەسول ڕەسولە.

## بەرزی ئیمانی هاوەڵان بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

ڕۆژەك پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە نێو بازاڕ پێویستی بە شایەتەك دەبێت، هیچ كەس لە دەوروبەر نابینێت، مامەڵەیەكی هەیە لەگەڵ كابرایەكی جوولەكە، كابرای جوولەكە شایەتی لێ دەوێت، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە دەوروبەری هاوەڵێك هەیە بانگی دەكات دەڵێ وەرە شایەتیم لۆ بدە، ئینجا دەڵێ: تۆ شایەتی لۆ دەدەیت؟ هاوەڵەكە دەڵێ: بەڵێ، بەڵام بۆ زانین هاوەڵەكە لە بنەڕەتدا ئاگاداری بابەتەكە نەبووە و نازانێت كێشەكە چییە؟ (سین و جیمێك)ی نەكرد، كەچی شایەتی لۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دا، فەرمووی: رسول الله چۆن دەڵێت بەم جۆرەیە، كابرای جوولەكە دەرفەتی نەماو دانی پێنا و ئیشەكە پێكهات، كە گەڕانەوە، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ هاوەڵەكە بەدەم ڕێگەوە لێی پرسی، چۆن بوو لە نێوان دڵی خۆت و خۆت سێ و دوانت نەكرد، دڵت لە دڵ نەدا، یەكسەر بەو جۆرە شایەتیت دا كە من گوتم؟ لە منیشت نەپرسی بابەتەكە چۆنەو چۆن نییە تاكو تۆ ئاوا بڵێیت، گووتی: یا رسول الله من تۆم بە دەستپاك (امین)ی نێوان زەوی و ئاسمان داناوە، بە پێناو (وسیط)م داناوی، من باوەڕم بەوە هێناوە كە دەڵێیی لای خودای ڕەحمان وە ئایەتەكانم لۆ دێنە خوارەوە، چۆن ئیمان ناهێنم لە نێوان تۆو جولەكەیەك كە كێشەیەكی وا ئاسان هەبێت؟ ئەمە دەگاتە حاڵەتی بەڵگە نەویستی.

لۆ نموونە" چۆن كابرایەك نان دەخوات كەوچكەكە لۆ لای گوێی نابات و هەر لۆ لای دەمی دەبات، چۆن دەڕوات بە حاڵەتی سروشتی دەڕوات ئەویش لەسەر دوو قاچ، ئەمە لەناو ناخی خۆشەویستی(حب)یەوە موگناتیسیەتە لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئەوە دەبێتە ئیمان، نەك یاسایەك لۆ كارنامەی نێوەخۆیی لە نێو فەرموودەكان هەبێت و ئێمەش جێبەجێی بكەین، نەخێر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئاوای نەگوتووە، هاوەڵانیش ئاوا نەبووینە، لۆیە خۆشەویستی خۆی كردۆتە بنچینەیەك و بنەڕەتێك لە ئیمان، ئیمان هێنان بە خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، فەرموودەكە لە بوخاری و موسلم هەیە كە دەفەرمووێ: (لا یؤمن احدكم حتی اكون أحب الیه) وشەی (أحب) لە ڕووی (تفضیل)ە وەكو (أحسن)، (حسن) هەیە، بەڵام (أحسن)یش هەیە، واتە"

نەك تەنیا خۆشی بوێت، نەخێر بەڵکو دەبێت لە لای خۆشەویسترین کەس بێت، ئینجا پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) (تفضیل)ەکەی لۆ باس دەکات (من مالە و ولده). لە گێڕانەوەیەکی تر لە مسلم دەفەرموویت: (و والدیه)، لێرەش ڕاناوەستێت دەفەرموویت: (و نفسه الذي بين جنبيه). چۆن ئەم خۆشەویستیە دروست دەبێت؟ ئایا بە ڕێگەکانی نێو پەرتووکی سیرە؟ نەخێر، لۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) وشکە، مامەڵەیەکی ئەتەکێتی، مامەڵەیەکی یاسایی، فەرموودە دەڵێ.. بەڵێ جێبەجێی دەکەین، دەڵێ ڕیش بەجێبێڵن بەجێی دێڵین، سیواك بەکار بێنن بەکاری دەهێنین، لە نوێژ بەم شێوازە رابوەستە، وادەکەین، بەڵام ناوەومان وانییە، ئەگەر هەمووومان لەگەڵ یەکتر ڕوون و ئاشکرا بین، ئەوا ئیمانداران دان بەم حاڵەتەدا دەنێن. کەواتە" جێبەجێکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) بەڵگە نییە لۆ خۆشەویستی ئەو موبارەکە، لە بنەڕەتدا بەڵگە نییە لۆ ئیمان هێنانیش بە خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات). لەوانەیە بڵێین بەیانی دووبەیانی کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆژئاواییەکان لە ڕێگەی تاقیکاریدا راستی فەرموودەکانی ئەم پێغەمبەرەیان (علیه السلام و البرکات) لۆ ئاشکرا دەبێت و هەرچی فەرموودەکانی هێناوە جێبەجێی دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئیمانی پێ بهێنن. ئەوەتا کابرای میسری چووە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانی کە تا ئێستا لە فرانك فۆرت ماوە، کۆمەڵێ نەخۆشی هەبوو چارەسەریان بە دەرمان نەبوو، ئێستا لە ڕێگەی ڕۆژووگرتنەوە نەخۆشەکان چارە دەکات، کە نەخۆشەکان دەچنە ئەم شوێنە نەخۆشیەکەیان دەست نیشان دەکەن و دەڵێن ئەو کۆمەڵە نەخۆشییە لەڕێگەی بەڕۆژووبوونەوە چارەسەر دەکرێن، ئەوەتا ڕۆژنامەنووسێکی میسری دەچێتە لای بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە سەیر دەکات لە پشت سەری نووسراوە: (صوموا تصحوا) بەرۆژووبن تەندروستیتان لۆ دەگەڕێتەوە.

## ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە چی هەڵدەگەڕێتەوە؟

دەبێ ئێمە ئەم خۆشەویستییەی دروست بکەین، خۆشەویستییەکی قورئانی، بەڵام ئەم خۆشەویستییە چۆن دروست دەبێت؟ تەنیاو تەنیا دەبێ ئێمە وەکو ئەبوبەکر مومارەسە بکەین، چۆن مومارەسە دەکرێت؟ بە ڕیزبەندی دابەزین بچینە خزمەت قورئان، چ بکەین لەگەڵ ریزبەندی دابەزین؟ لەناو قورئان کەسایەتیی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) دەربێنین، ئەوەیە ژیان و ممارەسە کردن لەگەڵ پێغەمبەری (علیه السلام و البرکات) و سیفەتی نبووەت و پاشان سیفەتی ریسالییەت دروست دەبێت، کە ئەم دەفەرموێت: (لا يؤمن احدكم حتى اكون احب اليه)، فەرموودەکە زۆر باسکراوە، پێشەوا عومەر دەزانێت ڕاستگۆیی لە نێوان خۆیی و خودای رەحمان خاڵێکی بنچینەییە و دەبێ لەگەڵ خودای ڕەحمانی خۆی راستگۆ بێت، لۆیە دەبێت پێشەوا عومەر لەگەڵ خۆشی راستگۆ بێت، لۆیە یەکەمین کەسە دەڵێ : یا رسول الله (علیه السلام و البرکات) بەڵێ تۆم لە سامان و ماڵی خۆم زیاتر خۆش دەوێت (لە سامانی گوازراوەو نەگوازراوە)، لە منداڵەکانم زیاترم خۆش دەوێیت، لە باوك و دایکم زیاترم خۆش دەوێیت، بەڵام والله خۆم لە تۆ زیاتر خۆش دەوێت، فەرمووی: (لا يا عمر) لەو کاتەدا عومەر دەبێت چی بکات؟ وەستا و پێداچوونەوەی لەگەڵ خۆی کرد، چونکە دەبێ بە کردەیی پێغەمبەری (علیه السلام و البرکات) خۆش بوێت نەك تەنیا یاساکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) جێبەجێ بکات، پێداچوونەوەیەکی خێرای نەوعیی کرد، هەڵگەڕانەوەیەك لەناوەوەی دروستبوو، یەکسەر فەرمووی: (الأن يا رسول الله)، پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) ئامێرێکی لە لایە

ناخی مرۆڤەكان دەخوێنێتەوە، فایل فایل دەزانێت كەموكوڕیی چییە،(بەبێ وێكچواندن) چۆن لە كارتی خوێندن كۆمەڵە وانەیەك هەیە، لە وانەیەك كەوتی هێڵی سووری بە ژێردا دەكێشرێت. پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ هاوەڵەكانی دەكات، سەیر دەكات بە كردەیی ئەوە لە فڵان شوێن كەموكورتی هەیە، لۆیە كاتێك بینی بە كردەیی پێشەوا عومەر گەیشتۆتە ئەم ئاستە، فەرمووی: (الأن یا عمر). لۆیە لە ریزبەندیی دابەزین (ترتیب النزول)ی قورئان كەسایەتی تەواو (متكامل)ی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)مان لۆ دەخاتە روو، ئەمە هەمووی پەیوەندی ستوونی خودای رەحمانە كە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) لۆ پێشكەش دەكات، نەك ئێمە، نەك كەسێك بێت پێناسەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بكات. خودای رەحمان هەرجارێك بە گرتەیەك پێناسەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەكات، كۆمەڵە ئایەتێكی سەرەتا پێناسەی ناوەوەی وكۆمەڵە ئایەتێكی تر باسی ئیمانی و كۆمەڵە ئایەتێكی تر باسی پەیوەندی ئەو پێغەمبەرە(علیه السلام و البركات) دەكات، لۆ؟ چونكە مامەڵە لەگەڵ خودی خودای رەحمان دەكات، لەبەر ئەوەی ئایات زۆرەو بە ئاشكرا دەڵێم ئەمە هەمووی بەئیمانەوە پەیوەستە، كۆمەڵێك ئایات پەیوەستە بە خودی پەیوەندی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەگەڵ چوارچێوە خێزانییەكەی، لە هەموو خێزان و كچەكانی كە ئایاتی لەسەر هەیە، ئەمەش ئیمانە، واتە" ئەگەر ئەم رەهەندە لە ناوەوەی ئێمە نەبێت ئەوا ئەم رەهەندەی ئیمانمان كەم و كورتی تێدایە، پێویست ناكات ئێمە بڵێین خێزانەكانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بەڵكو دەبێ بڵێین دایكەكانمان، (وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ )(الاحزاب٦)، دەبێ ئیمان بەمە بێنین كە عائیشە (رەزای خوای لێبێت) كە ناوی دەهێنرێت لەپلەو پایەی دایك سەیر بكریت نەك خێزانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، جۆرە وشكی و زبرییەكی جۆریی هەیە، چونكە ئەمە دەبێ ئیمانی پێ بێنین و مومارەسە لەسەر ئەم حاڵەتە بكەین، خەدیجە دایكی ئیماندارانە نەك خیزانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، بە گوێرەی ئەو خێزانە، بەڵام بە گوێرەی ئێمە چییە؟ دایكە (وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ) لۆ ئەو خێزانە، بەڵام لۆ ئێمە دەبێتە دایك، پێویستە مومارەسە لەسەر ئەو حاڵەتە بكەین، ئەوەیە ئیمان هێنان بە خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات).

لۆیە كۆمەڵە ئایاتێك هەیە كە خودای رەحمان پەیوەندییەكانی لەنێوان ئێمەو خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دیار دەكات، بە تایبەتی پێناسەی پلەو پایەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەلامان، لۆ نموونە" ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)(الحجرات١) ئەمە پێشەكییە، پاشان: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ) ئەگەر سەیر بكەین چ جۆرە یاسایەكە و بابەتەكەی چەندە بەرجەستە كردووە؟ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ)، لۆ؟( أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ )(الحجرات) كێشەكە لێرەیە وشەی(حبوطي عەمەل) لە قورئان بە كوفر هاتووە، لەوانەیە لێرە كابرا نەشزانی ئیشەكەی بكات، كەواتە" دەبێت پێشوەختە مومارەسەی بكات، زەمینە لە ناخی خۆی دروست بكات لۆ ئەوەی بزانێت كە چۆن مامەڵە لەگەڵ خودی ئەم (رسول الله)ە دەكات، (لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ)، پاشان(وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ) تەنانەت گرتەیەكی سەیر هەیە وشەی (النبی) لە قورئان تایبەتیەكان (خصوصیة)ی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)ی پێوەی دیارە، بەڵام وشەی (الرسول) نەخێر پەیامبەرایەتیی (الریسالیة)ی زیاتر پێوە دیارە، لۆیە زۆربەی ئایات كە بە (النبي) دەست پێ دەكات تایبەتمەندییەكانی كەسایەتی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بە یاسایی دەكات، بەڵام پەیوەستە بە مەسەلەیەكی ئایینیی بە بنچینە (أصل)ێكی ئیمانیی، بەڵام زیاتر بۆ خودی ئەو خۆی

دەگەڕێتەوە، بەڵام وشەی (رسول) لۆ ڕەسول و هەموو جەمعی ئیمانداران دەگەڕێتەوە، واتە" ئەو ڕەسولەکەیە، هەرچی نەبییەکەیە پەیوەندی وان لەگەڵ خودی ئەو ڕوون وئاشکرایە، کەواتە" دوو جۆر پەیوەندی هەیە:

یەکەم: پەیوەندی نەبییەکە، واتە" پەیوەندی ئیماندارانە لەگەڵ خودی نەبییەکە.

دووەم: (الرسول) بریتییە لە خودی پەیوندی رەسول لەگەڵ ئیمانداران لۆیانی.

لۆیە دەفەرموویێت: (لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)(الحجرات٢)، لۆیە هەرکە ئەبوبەکر ئیمانی پێ هێنا، زۆرجار کە قسەی لۆ پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) دەکرد پێغەمبەر لێی دەپرسییەوە چیت گوت؟ دەبوا دیسان ئەبوبەکر دووبارەی بکاتەوە، دەترسا نەوەك ئەم ئایەتەی لەسەر بێتە دی. ئەمە دەربارەی (دەنگ)، ئەی چۆنە دەربارەی پێشنیار لە سەر خودی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) بخاتە ڕوو! لۆ نموونە بڵێین یارسول الله ئێمە بەم شێوازە لە ڕێگەی فلان پەرتووك ئیمان دێنین، یان یا رسول الله ئێمە لە ڕێگەی فلان نووسەر و فلان پەرتووکی سیرە تۆ دەناسین، ئایا ئەوە بەکردەیی ڕەفعی صەوتە یان نا؟ نەك لۆ دەنگ: (وَلَا تَجْهَرُوا) وشەی (جَهْرِ) (لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ)، یاخود دەفەرموویت: (لَا تَجْعَلُوا دُعَاء الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاء بَعْضِكُم بَعْضًا)(النور٦٣)، تەنانەت بانگکردنیش دەبێ لە مەقامی نبووەت و ڕیسالەت بێت، ئەوە مامەڵەیەکی (شفاف)و نەوعییە، نەك کە بەم جۆرەی باسکرا، یاخود دەفەرموویت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(المجادلة١٢).

پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) شێواز(نمط)ێکی دیاریکراو بوو، ویستی تەواوی خودای ڕەحمان بوو لە سەر خودی ئەم کەسایەتییە، لۆیە کە دێت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت دەبێ بەگوێرەی ویستی خودای ڕەحمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەوانەیە لە ساتی قسەکردن بەتەنیاش وشەی(التناجی) پستەپستکردنە بە هێدی قسەکردن لەگەڵ یەکدا، ( إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ)شتی تایبەتی خۆتان لۆ باسکرد (بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً) صەدەقەیەك پێشکەش بکەن، لۆ، لەوانەیە لەساتی ئەم قسەکردنە قسەیەك بکەن خوا پێی ناخۆش بێت، صەدەقە کەففارەتە لۆ ئەو حاڵەتەی، بەڵام کە ئاستی ئیمان بەرز بوو و پێوانەکاریی (معیار) لە ناوەوەی جەمعی ئیمانداران دروست بوو، پێویستی بە صەدەقەکردن نەما (فان الله غفور رحیم)، ئیمان ئەم حاڵەتە دیاری دەکات. لۆیە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خودی (رسول الله) دەبێ، خودای ڕەحمان چوارچێوەکەی دیاریی بکات، دەبێ ئیمانیش بەم دیاریکردنە بهێنرێت، ئیمان هێنانەکەش بەگوێرەی ڕیزبەندیی دابەزین بێت و دەبێ ڕیزبەندیی دابەزینەکەش ممارەسە بکرێت، ئینجا ئەم حاڵەتە ئاست بەرزە جۆرییە لە نێوان ئێمە و پێغەمبەر دروست دەبێت، ئەو کاتە بە کردەیی لە حاڵەتێکی نەوعیی دەژین، باوەڕتان هەبێت وەرگرتن و بەخشین (اخذ و عطاء)ێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێمە و لە نێوان خودی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) دا هەیە، چونکە ئەگەر بهاتبایە (من ئەوە بەشتێکی بەڵگە نەویست دەزانم)، جا ئەگەر خودای ڕەحمان بیزانیبوایە کەسایەتی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) مانەوەکەی وەك خود (کذات) بنچینەیەکە لۆ ئیمان هێنانی نەوەکانی تر، ئەوا نەدەبوو پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) وەفات و کۆچی دوایی بکات، کەواتە" دەکرێ ئێمە لەگەڵیدا ژیان دروست بکەینەوە، بەهۆی قورئان لەگەڵ کەسایەتی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) بگەینە ڕاستەقینەیی وەك کەسایەتییەکی پەیامبەریی(رسالیة) نەبەویی(النبوي)، نەك وەك (محمد). چۆن

دەتوانین ئەو كەسایەتییە بدەین بە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)؟ لە پەرتووكەكانی سیرە دەربیێنین و بزانین لەناو خودی قورئان چ پلەو پایەو (مقام)ی دراوەتێ و هەر بەم جۆرەش مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بكەین. لە پەرتووكەكانی سیرە باسكراوە كە مانگی ئەوەندە دایكی سكەكەی گەیشتۆتە فلانە قۆناغ، لە ساڵی ئەوەندە بەو جۆرەی لە دایكبوو، وابزانم ئەوە لۆ خۆشمان رێك نییە، لەوانەیە من خۆم لۆ خۆم پێم رێك نەبێ، جا چۆن لۆ خودی ئەو موبارەكە بەو شێوە مامەڵەی لەگەڵ بكەین؟ لۆ خودی خۆم لەوانەیە دەڵێم ژیانم لە فلان كات دەست پێ دەكات، ئەوەی دەمێنێتەوە هەو نییە، ئەی چۆن لۆ ئەو بەم جۆرەی بێت؟ لۆیە گرتەكانی حەق و راست لۆ خودی پلەو پایەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) تەنیا لە قورئان دا هەیە.

## بەشێك لە هاوەڵان داوای دەست لەكاركێشانەوەیان كرد!

ژیانی سەرەتا لە قورئان وەردەگیرێ، ئینجا دەتوانین بچینە نێو بوخاری و فەرمایشتەكانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەربارەی (السمع والطاعة) لەوێ وەردەگیرێ، بەبێ زۆر لە خۆكردن و هەست بەتەنگانەیی بكەین، ئەم ئۆتۆماتیكیەتە ئەو كاتە دروست دەبێت كاتێ دەچین دەست نوێژ دەشۆین و دەڵێین: رسول الله(علیه السلام و البركات) بەم جۆرە دەست نوێژی شوشتووە. لە بوخاری فەرمودە هەیە، لەوانە كە عبدالله بن عومەر(رەزای خوای لێبێت) دەپژمی زەردەخەنەی دەكرد. رۆژێك كۆمەڵێك لە گەنجان لێیان پرسی تێبینیمان كردووە كە تۆ دەپژمیت زەردەخەنە دەكەیت؟ وەڵام دەداتەوە: بەم جۆرە رسول الله(علیه السلام و البركات)م بینیوە (هكذا رأیت رسول الله (علیه السلام و البركات)).

لەكاتی حەج، یاخود لەم جێیەی كە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) موبایەعەی لێ وەرگرتبوو: (إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ)(الفتح١٨)، پاش وەفاتی پێغەمبەر(علیەی السلام و البركات) عومەر(رەزای خوای لێبێت) بەهەمان جێگەدا تێپەڕ دەبێت، هاوەڵان سەیریان دەكرد لە جێگەی دیاریكراو دا قاچەكانی دادەنا، ئاژەڵەكەش بە دەوری دارەكەوە دەسوڕێنێتەوە. ئینجا لە دارەكەی گرێ دەدات، جارێك و دوو و سێ جار، رۆژێكیان هاوڕێكەی لێی دەپرسێت لۆ وەدەكەی؟ دەڵێ: كاتێ خۆی لە خزمەت پێغەمبەری(علیه السلام و البركات) بینیم ئەوهای كرد، لۆیە دەمەوێت قاچم لەو جێگەیە دابنیم كە بە كردەیی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) قاچی لەسەر داناوە.

پاش وەفاتی كۆمەڵێك لە هاوەڵان بەرگەی وەفاتی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)یان نەگرت لۆیە نامەی دەست لەكاركێشانەوەیان پێشكەش كردو داوایان كرد دەست لەكار بكێشنەوە، یان بگوازرێنەوە لۆ جێگەی تر.

یەك لەمانە بیلال بوو(رەزای خوای لێبێت)، كە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) وەفاتی كردبوو لە بانگدانیش پچڕا. هەتا ئەبوبەكر هەبوو هەر عەرزو حاڵی پێشكەش كرد، بەڵام چەند جارێك ڕەتكرایەوە، لەسەرەتا خەلافەتی عومەر(رەزای خوای لێبێت) عەرزو حاڵی پێشكەش كرد، ئەم جارەی قەبوڵ كرا، ناردی لۆ وڵاتی شام (دیمەشق)، پێشەوا عومەر لە دوای حەوت یان هەشت ساڵ گەشتێكی لۆ شام ئەنجام دا، بیلالیش پێشوازی لێكرد و پێكەوە دانیشتن، كۆمەڵێك لە خەڵكی شام (دیمەشق) پێداگریان لە پێشەوا عەمەر كرد تاكو داوا لە بیلال بكات لۆ ئەوەی وەكو سەردەمی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بانگێك بدات، لە ساتی گفتوگۆ داوا لە بیلال دەكات بانگ بدات، ئیتر سێ جار داوای لێبوردن دەكا و دەڵێت: ئەگەر فەرمانت فەرمانی برایەتییە ئەوا ڕەتی دەكەمەوە، بەڵام

ئەگەر وەك ئەمیری ئیمانداران فەرمانم پێدەکەی گوێڕایەڵیت دەکەم، خەڵکەکە پێداگری لەسەر پێشەوا عومەر دەکەنەوە، تاکو بەکردەیی بانگەکەی بدات، پێی دەڵێ: (امیر المؤمنین)م فەرمانت پێ دەکەم، دەچێتە سەر جێگەیەکی بەرز و دەست دەکات: (الله أکبر.. الله أکبر) هەتا دەگاتە (أشهد ان محمداً رسول الله) ئێتر پێی تەواو ناکرێت و بانگەکەی دەپچڕێت و ڕادەوەستێت، ئەوەیە ڕوونی (الشفافیة) لەگەڵ خودی رسول الله(علیه السلام و البرکات).

بەڕێزانم تا ئەم حاڵەتە دروست نەبێت ئیمان لاوازو بێتوانایە (رکیك)ە، ئیمان (جزئي)ە، یاخود ئیمانمان نەخۆشە، میکرۆبێکی نەوعیی تێدایە، دەبێت پێداچوونەوەی لۆ بکرێت.

داواکارین خودای ڕەحمان لۆخاتر گەورەیی و ئەو ئیمانە بەرزەی کە ئەو (رسول الله)(علیه السلام و البرکات) هەیبوو، لۆ خاتری ئەو هەموو خۆشەویستییەی کە ئەو جەمعە موبارەکە هەیان بوو لۆ خودی (رسول الله)(علیه السلام و البرکات)، هۆکارەکانی ئیمان هێنانمان لۆ ئاسان بکات، ئێمەش وەکو ئەوان ئیمان بهێنین، وەکو ئەوان ئەم پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات) خۆشەویست و نازدارەمان خۆشبووێت.

ئەوە کۆتا وانە بوو لەوانەکانی چۆنیەتی بنیاتنانەوەی ئیمان.

بەڕێزان ئەگەر پێتان باش بێت یەك دوو هەفتە پشوو بدەن، پاشان ) بەگوێرەی تەرتیبی نزول دەست دەکەینەوە بە وانەکانی (أسماء الله و أفعاله، هەروەها ئەگەر پێتان باش بێت لە پێنج شەم لۆ جومعە یان لۆ ڕۆژێکی دیکە دەیگۆڕین.

**أقول قول هذا وأستغفر الله لي ولکم سبحان ربك رب العزة عما یصفون والسلام على المرسلین والحمد لله رب العالمین.**

(و السلام علیکم و رحمة الله و برکاته)